خوێندنەوەیەک بۆ ئیستاتیکا.. عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ)

بەرەو ئاراستەی بەهێزکردنی ئیستاتیکای مارکسیزم

ئیستاتیکا چییە؟

مانای بنەڕەتی ئیستاتیکا لە یۆنانییەکانەوە وەرگیراوە و مەبەست لێی زانستی پەیوەست بە هەستەکانە، دواتریش وەک لقێکی تایبەت بە هەست و ویژدان بینیویانە. زانستی ئیستاتیکا، زانستێکی نوێیە بەڵام مێژووێکی دوور و درێژی لەئامانی فەلسەفی دەربارەی جوانی و هونەر لەپشتەوە وەستاوە. (ئیستاتیکا بەکەی ئەو شتە هەبووەست پێکراوە چێژ بەخشانە دەگوترێ کە دیمەنی شتە جوانەکان پێکی دەهێنن،کە جوانی دوو چەشن لەخۆ دەگرێت لەوانە(جوانی سروشت،جوانی کاری هونەری(١) هەر لە کۆنەوە فەیلەسوفان باسیان لە جوانی کردووە و جوانی جێی بایەخ و سەرنجیان بووە. هەر بۆیش) ئیستاتیکا لقێک و بەشێکی گرنگی فەلسەفەیە. ئەم وشەیە واتا ئیستاتیکا،لەبنچێدا بەواتای هەست وسۆز دێت کە لەناوەکدا باسی جوانی و بەهاکانی جوانی و چێژ و پەیوەرەکانی جوانی و هێژەکەی دەکات، بەهەی ئەو بایەخ و گرنگێ زۆرەی کە هەیەتی لەکایەی ژیانی مرۆڤدا ،بەردەوام فەیلەسوفان وبیرمەندان لەقەناغێ جیا جیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا گفتوگۆوبۆچوون وڕەئی جیاوازی لەسەر گوتووە و باس و شڕۆڤە کراوە.)(٢)ئیستاتیکا بوارێکی تیۆری پێ بایەخە کە بابەتی خێی بایەخ بە سروشتی جوانی و هونەر و چێژ و داهێنان و خەماندنی جوانی دەدات. ئەفلاتون (٤٢٧ پ ز – ٣٤٧ پ ز) چونکە پێیوابوو هونەر لاسایی سروشت دەکاتەوە، بۆیە هەوڵیستی ئەفلاتون سەبارەت بە ئیستاتیکا نەرێتی بووە. بەبۆچوونی ئەفلاتۆن دەبێت جوانی لەسەر بنەمای خۆشویستیێک بێت کە هەستی بەرژەوەندیخوازانەیی تێدا بانادەست نەبێت. بە نموونە خۆشویستی پیاو بە ژن ناکرێت ناوی لێبنێ خۆشویستیکی جوان وڕاستەقینە ئەگەر لەسەر بنچینەی چێژی سێکسی بنیات نرابێت،کەلە جوانێکی کاتییدا خێی وەنادەکات. بەتەواوەتینی ئەفلاتۆن و تەنانەت فیساغۆرسیش (موزیک)بەجوانترین بابەتی ئیستاتیکا دادەنرێت. هەرچی ئەرستۆیە (٣٨٤ پز – ٣٢٢ پ ز) بەگرنگی دەزانێت جیاوازی بکرێت لەنێوان جوانی ڕاستەقینە و جوانی کاتیی، کەپێوایە جوانی کاتیی شتێکی سنووردارانەیە،ئەگەر لەسەر بنەمای هەستی بەرژەوەندی

خوازانەبەت.(٣)
کەچی هیگڵ (١٧٧٠ – ١٨٣١) کە یەکێک بوو لە گەورە فەیلەسوفەکانی مێژوو؛ تەکەشاوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە هونەریشەوە لە میانی میتۆدی دیالێکتیکی بۆئەوەی توخمە کۆمەڵایەتییەکان لەیەکتر جیا بکاتەوە، شیبکاتەوە.(٤) چەمکی زانستی ئیستاتیکا وەک لقێکی فەلسەفە بە یەکەمین جار لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەلکسەندەر بومگارتن (١٧١٤ – ١٧٦٢) لەسەدەی هەژدەهەم بەکارهاتووە. ئیستاتیکا بگشتی سەروکاری لەگەڵ سروشت وجوانی و چێژ و هونەر هەیە. زۆربەی لێکۆڵەرەوانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئیستاتیکا خوێندنەوەیەکی خۆشگوزەرانییە بە سروشت و ئاشنبیری و هونەر. بەوپێیەی هەمیشە تێکۆشیەک لەنێوان هونەر و جوانیدا دەکرێت، هەرچەندەش زۆر نزیکن لەیەکەوە، بەڵام جیاوازیشن بۆتایبەتی لە بوارە هەستیی و ویژدانییەکان. ئیستاتیکا هەست نییە بەڵام زیاتر پێوەستە بە کارە ویژدانی و هەستەوەرەکانی مرۆڤ. هەرچی هونەرە خوڵقاندن و دووبارە خولقاندنەوەی مادە هەستپێکراوەکانە وەک تابلۆی هونەری یان پەیکەرێک، یان شیعر و پارچە مۆسیقایەک.(٥). بەڵام دیارە ئیستاتیکا نەک هەر وەکو چەمک نامێنێتەوە، بەڵکو لە کۆمەڵگە چینایەتییەکان؛ ئەویش وەکو ئەدەب و هونەر و زانست و هەر چالاکییەکی ئینسانیی ناکۆتا ئەودیو کۆشە چینایەتییەکانەوە. بەڵە لەکۆمەڵگە چینایەتییەکان ، چینی فەرمانڕەوا مەرکی بەرژەوەندی چینایەتی خۆی دەدات لەهەموو ووداو و دیاردەیەک لە کۆمەڵگە. بەوپێیەی زانست و فەلسەفە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە لێکدانەوە و خوێندنەوەکانیاندا چەمکی ئیستاتیکایان لەبەرژەوەندی بەرژوازی لێکداوەتەوە. لەگەڵ هاتنەمەیدانی مارکسیزم وەک زانستی ڕزگاریبەخشی چینی کرێکار لەستەمی سەرمایەداری، ئیتر مێژووی لێکدانەوە و خوێندنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری گەرانی بەسەردا هات. خوێندنەوەی مارکسیستانە بە ئەدەب و هونەر و ئیستاتیکا شوێنکی گرنگی لە مێژووی خوێندنەوەکان گرت. بەڵام تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم زانستە نەیتوانی شکۆ و شەوە بەخۆی بدات و بنەماکانی خۆی دیاری بکات و بچەسپێت.

ئیستاتیکا لەڕوانگەی مارکسیزمەوە

مێژووی سەرهەڵدانی ئیستاتیکا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوون و پەرەسەندنی فەلسەفە و هونەر. گەرچی مێژووی هونەر لە مێژووی فەلسەفە کۆنترە، بەڵام فەلسەفە توانی ببێتە سەرزەمینی قسەکردن لەسەر جوانناسی. وەک دەزانرێت بەرهەمە ئەدەبیی و هونەرییەکانیش زادەی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیاریکراون لە

کۆمەڵگەدا. واتە ئەو بڕەمانە ووداوگەلێکن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەدایک دەبن. ئەم بڕەمە ئەدەبی و هونەرییانە گوزارشتن لە هەست و سۆزی ئینسانەکان کە نێک بەشەویەکی ئەبستراکتانە، بەڵکو کۆمەڵایەتییانە و هونەرییانە داڕژراون و نمایش دەکرێن. جواننەسی مارکسیستی یان ئیستاتیکای مارکسیزم وەک یەکێک لە هەندە هەخنەییەکانی ئەدەبی مارکسیستی بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی مارکسیستانە بۆ دۆق و کۆمەڵگە. چونکە ئیستاتیکای مارکسیزم لەسەر بنەمای مۆڤوویی شەوازەکانی مۆکایەتی و چینەکان و ئایدیۆژییەکانیان دەجووڵێ و مارکس وای دەبینێ کە هونەر شەوێکە لەشەوەکانی نوێنەرایەتی جیهان. ئەمەش واتە هونەر دەروازێکە، هەکارەکی مەعریفییە، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە، چەکێکی چینایەتییە، دەوەمەندکردنی ئینسانییەتە، کارەکی هەشیارییە و لەکەتایشدا ئاوێنەی کۆمەڵگەیە. (٦) هەورەها وەک بلیخانەف ئاماژەی پێدەدا مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) پێیوابوو ئیستاتیکای هیگڵیی، هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ پێشەوە بۆ تێگەیشتن لە ماهییەتی هونەر و مۆڤووکەی. هەرچەندە مارکس هەرگیز وەک بابەتیکی سەربەخۆ باسی لە ئیستاتیکا نەکردووە، بەڵام لەکەڕەوان و هەخنەگرانی مارکسیست هەر زوو سەرنجیان چۆتە سەر ئەم مەسەلەیە و دواتریش لەسەر دەستی گیورگی بلیخانەف و بلینیسکی و تشیرنیفیسکی و برتەد برێشت و جۆرج لەکاش و هەربەرت مارکۆز و والتەر بنیامین و ئەنتۆنی گرامشی و تۆری ئیگڵتن و لویس ئالتوسەر تا دێگات بۆ هەلان بارت و زۆر ئەدیب و هونەرمەندی تری ئەو زانستە، بناغەکەی داڕژرا و پەرەی پێدرا. بلیخانەف لە ساڵی ١٩١٢ لە کتێبی (هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی) کەوتە هەتکردنەوەی هەر بیروبۆچوونێک سەبارەت بە دابڕانی هونەر و ژیان. بلیخانەف دەڵێت(هەرئەوەندە بەس نییە بڵێین ئەدەب و هونەر وێنای ژیان دەکەن، بەڵکو دەبێت بزانین هونەر چۆن گوزارشت لە ژیان دەکات و چۆن لە جووڵەی دیالەکتیکی ژیان تێدەگات.)(٧) ئیستاتیکای مارکسیزم و تیئوریێکەی پشتبەستوو بە تێواننەکانی کارێ مارکس داڕژراوە و کاری ئەو خوێندنەوەی دۆق و هونەرێ لەسەر بنەمای ماتریالیزمی دیالەکتیک. بەتایبەتیش ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە چۆڕ و جوانی و هونەر. تێگەیشتن لە ئیستاتیکای مارکسیزم تێگەیشتنە لە ئاستی گۆشەی کۆمەڵگە و هەزکانی بڕەمهەنان و پەیوەستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە بە دۆق و کارێ هونەرییەکان و لەوشەوە خوێندنەوەی دۆق و نووسەر و ئیلتزامی چینایەتییە. مارکس و ئەنگەس پێیانوابوو کە هەموو چالاکییەکی کردەیی ماددی ئینسانی، دیوەکی ئیستاتیکای هەیە. پەیوەندی نێوان هەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ئیستاتیکای مارکسیزم، پەیوەندییەکی

تووند و تۆخ و بەخنە مارکسیستی بەبێ ئەم چەکە مەعریفییە کاریگەرە ناتوانێت زۆر بەباشی بچێتە پشتوو و ئامانجکانی بپێکێت. جۆرەکانی زانستی ئیستاتیکای مارکسیزم خولانەوەیە بەدوای ئەو ناوەندە مەزنەی کە ناوەرۆکی دەقە ئەدەبییەکەی لەسەر بنیادنراوە کە ئەویش ئینسانە. دەق لە فیکری ئینسانی پێکدێت. دەق بە فکری ئینسانی، وەک بلینسکی دەڵێت دەقێکی بێ گیان و مردووە. پێچەوانەی تێوانینی ئەدەبی بەرژوازی بێ ئیستاتیکا کە فۆکس لەسەر فۆرم و شێوە دەکاتەوە، ئیستاتیکای مارکسیزم جەغد لەسەر ئیلتزامی چینایەتی دەکاتەوە و تاوانی سەرکی ئیشکردنی دیاریکردنی ڕۆڵی ئینسانە لە ململانێی چینایەتییەکان.
ئیستاتیکای مارکسیزم تیۆرییەکە لە جواناسی، لەسەر تیۆرییەکانی کارل مارکس بنیادنراوە. ئەم زانستە پشت بە میتۆدی ماتریالیزمی دیالێکتیک دەبەستێت بۆ چەسپاندنی تێوانینی مارکسیزم لە بواری ڕەشنبیری و بەتایبەتیش لە بوارەکانی پەیوست بە هونەری و جوانی. هەلومەرجێ ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتیش پەیوەندییە چینایەتییەکان گاریگەریان هەیە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک لە کۆمەڵگە. لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکیی لێوانگەی ماتریالیزمی مێژوویەوە لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری سەرتا بەبێ تێگەیشتن لە مارکسیزم ناتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت. بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکی مارکسیستی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەبێت نووسەر دەق وردبکاتەوە بەسەر چەڕ و خەیاڵ و زمان و فۆرم و پەیوەندی دەق بە کۆمەڵگە و هەورەها جۆشوخرۆشی دەق لە ململانێی چینایەتیدا. بەمجۆرە زانستی ئیستاتیکای مارکسیزم (زانستێکە لەو یاسا و پەیوەندییە ئیستاتیکییانە دەکۆڵێتەوە کە ئینسان بە جیهانی دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە.)(٨)

ئیستاتیکای مارکسیزم و ئەدەبی کوردیدا

ئەدەبی کوردی گەلێ بایەخی بە ئیستایکا و مەسەلە جوانییەکانی دەق و داهێنان داوە. بەڵام بایەخی بە ئیستاتیکای مارکسیزم نەک بەپێی پێویست نەداوە، بەڵکوو لە چوار دیەی ڕابردووەدا سەرباری هەوڵکانی بزووتنەوەی ئەدەب و هونەری پێشکەوتووخوازی و کرێکاریی لە کوردستان، کەچی بەتەواوەتی هەست بە کابووندەوەی دەکەین. (٩) جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە چەڕ و چێشەی ئەدەبی و جواناسی و ئیستاتیکا و گەلێ تایتڵی تر دەبنە چەترێ دیان نووسین و وتار جیددی بەزمانی کوردی کە سەرجەمیان لەدیدگای جیاجیای ئەدەبییەوە سەبارەت بەو کایە گرنگەی ئیستاتیکا، بەڵام لە دیدگای غێرە مارکسیستییەوە نووسراون،(١٠) لەکاتێکدا دەبوایە ئیستاتیکای

مارکسیزم بۆتایبەت لەلای نووسەران و ئەدیبانی کرێکاریی و مارکسیستی بەی بایەخ و بوایە و دیان وتار و سەدان ڕەخنەی ئەدەبییان لەهەبهەنجایە. بەهەرحاڵ واقیعی ئەم دەخە و لاوازی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە کرێکارییە هەکارێکە لە هەکارە سەرەکییەکانی قەتیسبوون و گۆشەنەکردنی ئیستاتیکای مارکسیزم کە بایەخدان بەم پرسە خەمی جەوهەری بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی نییە. ئەو خەمە، خەمی لەکەڕەوان و ڕەخنەگرانی مارکسیستییە تا بتوانن لەسەر هەمان ڕێچکەی بیرەندانی مارکسیستی برەو بەو پرسە بدەن.
یەکێک لە هەکارە سەرەکییەکانی ئاوەنەدانەوە لەم بزواتە و ئیشنەکردن لەسەری بریتییە لە پاشکۆی کەمەنیزم و مارکسیزم و هەروەها چینی کرێکاری کوردستان لە گەرپانی ململانێیە چینایەتییەکان. کاریگەری ئەم پاشکۆیە نە تەنها بەسەر ئەدەبیاتی کرێکارییەوە دیارە، بەڵکو زۆر سەخت و گورجکبانە بەسەر واقیعی ژیانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانەوە شکاوەتەوە. خەڵکی کوردستان بەهەی ئەم پاشکۆیە و هەم لەووی ئابووریی و لەدەخکی سەختدا ژیان بەسەر دەبەن و هەمیش لەووی کەمەڵایەتییەوە چەند دەیە گەنەراوەتە دواوە. ئەم دواکەوتنە سیاسی و ئابووری و کەمەڵایەتییەی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە بەسەر زەوق و چەشە و هەستە چینایەتییەکان. ئەو جوانییەی کە ئینسانێک لە دەخکی ئاسایی و ژیاریدا دەیبینەت، جوانتر و ئیستاتیکیتر لە هەمان جوانی کە هەر هەمان ئینسان لەدەخکی دژواردا دەیبینەت. خەڵکی کوردستان قوربانی سیاسەت و ستەمی چینایەتی بەرژوازی کورد و جیهانییە بەو ئەدەب و هونەر و کلتوورەشی ک بەرگری لە لیبەالیزم و ستەمکاران دەکەن. چەشەی ئینسانی زەحمەتکەشی کورد هیچی کەمتر نییە لە چەشە و هەستە مرۆییەکانی هەر ئینسانێک جا لەهەر گۆشەیکی دنیادا بێت. دەبێت و ئەرکمانە کە خەڵکی ستەمیدە و بەشمەینەتی کورد جارێکی تر ئاشنا بکەینەوە بە دەق و کارە هونەرییە ناوازە و بە سەلیقەکان تا جواناسی خەیان واتە ئیستاتیکای ئینسانیی خەیان شوێنی بەرزی شیاوی خەی وەربگرێت و چیژ لەو ژیانە بکەن کە تیایدا دەژین و شایانیانە، نەک جەهەنەمی بەرژوازی و سەرمایەداری.

ئەنجام

ئیستاتیکای مارکسیزم وەک زانستێک پێوەستە بە هەستەکان کە مژوویەکی درێژی لە ئامانی فەلسەفە دەربارەی هونەر و ئەدەب لەپشتدا هەیە. لەوتەی هونەر و ئەدەب هەیە ئەم جواناسییەش هەبووە و بەنام درەنگ وەک زاراوە جێگیر کرا. مارکسیزمیش بەبەش

نییە لەم زانستە و بایەخی داوەتە. هەرچەندە مارکس و ئینگڵس بە وردی و سەربەخۆ باسی ئەم زانستەیان نەکردووە، بەڵام دوای ئەوان لەسەر دەستی بیرمەندان و فەیلەسوفان و ئەدیبانی مارکسیست بایەخی پێدرا. لە ئەدەبی کوردیشدا ئیستاتیکای مارکسیزم پشتگوێ خراوە و گرنگی پێنادرێت، بەڵام ئەرکی ئەدیبان و هونەرمندان و نووسەرانی مارکسیستییە ئاو پرس و بابەتە بوروژێنن و لای لایەکنەوە و بیکەنە بەردی بناغەی وتار و نووسینە ڕەخنەییەکانیان.

عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ)
ئازار و نیسانی ٢٠٢٢

-_____

ژێدەر و سەرچاوە

(١)و(٢)و(٣) کورتە نووسینی فەلسەفەی ئیستاتیکا چییە، سایتی فەلسەفە. پەستی ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨؛
(٤)علم الجمال عند لوكاش ص ٦-٧
(٥)فلسفة الجمالhttps://ar.wikipedia.org/wiki/
هەروەها بڕوانە فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان دکتەر نەوزاد ئەحمەد ئیسوود لەبەاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە چاپی یەکەم تاران ٢٠١٥، لاپەڕە ٧٦.
(٦)https://en.wikipedia.org/wiki/Marxist_aesthetics
(٧)الفن و علم الجمال الماركسي فؤاد الكنجي موقع الحوار المتمدن
(٨)المفهوم الماركسي اللينيني لعلم الجمال موقع العالم الجديد https://al-aalem.com/news
(٩)لێرەدا بۆ تایبەتی ڕەهای کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ناوبەت نادیدە بگرین کە سەرباری کۆموکۆیەکان و ئاستەنگەکانی بەردەمیان توانیویانە لانیکەم لایەک لەم مەسەلەیە بکەنەوە و کاریگەری خۆشیان دابنێن.
(١٠)لەئەدەبی کوردیدا هەر لە هاوڕێ سەرتاکی کەمال میراودەلییەوە(فەلسەفەی جوانی و هونەر) ەوە بگرە تا دەگاتە وەرگێرانەکانی عەزیز گەردی و پاشان تا دەگاتە سمکۆ محەمەد (ئیستاتیکا) و چەژکانی خوێندنەوە و نووسین و گەڵانەوەی شاخەوان سدیق و چەشنە و چەشنە ئەدەبییەکانی د.حەمە منتک کە دەربارەی ئیستاتیکا دواون، نموونەیەکن لەو هەوانە.

تێبینی : ئەم بابەتە لە گۆڤاری وانەر ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠٢٣ دا، بڵاوبۆتەوە.

ئایندەی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەرەوکوێ؟.. زاهیر باهیر

پێشبینیکردنی کۆتایی جەنگێک کارێکی ئاسان نییە چونکە هەکار و بەرئەنجامەکەی یاخود ڕووداوی کارەساتێکی سروشتیی..هەر کام لەمانە جیاوازی خۆیان دەگۆڕن.
پێش ١٩ مانگ تێپەڕین بەسەر دەستپێکردنیدا هێشتا جەنگێک بەردەوامە ڕووسیا لە پگەی بەهێزی ئابووری و سەربازی خۆیدایە. کەمکردنەوەی دەرهێنانی نەوتی خۆی و داخوازی زیاتری نەوت لایەن چینەوە، لە ئێستادا کاریگەری خۆی لەسەر بازاڕی وزە بۆتایبەتی و ئابووری ئەوروپا بەگشتی داناوە و دادنێت . هێنووکە نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕدا ٩٤ دۆلارە و واپێشبینیش دەکریت کە بەم زووانە بە ١٠٠ دۆلار سەربکەوێتت.
لەمانەش گرنگتر درزکەوتنە نێو ئێندامانی ناتۆ و هەوڵستی ئەمریکا و کەندەڵەتانی دیکە، سەرانی ئۆکرانیای بە ئومێد کردووە. ماوەیکی کورت لەمەوبەر بوو کە سارکۆزی کەنە سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند: ئەوروپا ڕووسیای پێویستە. هەروەها وتیشێ "دیپلۆماسی و گفتوگۆ و دانوستان" "تاکە ڕێگان" بۆ چارەسەرکردنی شەڕی ڕووسیا دژی ئۆکرانیا، دەبێت ئۆکرانیا سازش لەسەر ئەو زەویانەی کە داگیرکراون لەتەك ڕووسیادا بکات.
هاوکاتیش لە کۆبوونەوەی گروپی ٢٠ لە هیندستان ، ڕاگەیاندنکی هاوبەش ڕاگەیەنرا بەهیچ شێوەیك نەتوانرا نك هەر سەرکەنەی ڕووسیا سەبارەت بە داگیرکردنی ئۆکرانیا بکرێت، بگرە بە ڕاستەوخۆش نەتوانرا باسی شکستکە بکرێت. ڕوسکان و دەستکانیان ئەمیان بە سەرکەوتن دانا. لەڕاستیشدا شلەقی و لاوازی هەوڵستی بەرەی ناتۆ و دەوڵەتانی ئەژئاوای تەمار کرد لە بەرانبەر بەرەی لایەنگری ڕووسیا یاخود بە لایەنیی هەندەك دەوڵەت ، کە خودی ئەو بڵایەنییە بە

لایەنگیریی ڕوسیا هەژمار دەکرێت.
لەمانەش زیاتر کاتێك کە دادگای نێودەوڵەتی بڕیاری دەستگیرکردنی پوتین-یان ڕاگەیاندووە کە ئەمش سەفەر و هەڵسوڕانی پوتین-ی تێك کردۆتەوە، کەچی هەر لەو کاتەدا 'لەلە' سەرکی بەرازیل وەکو تەحەدایەك لە بڕیاری ناتۆ و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ڕایگەیاند کە پوتین دەتوانێت بەشدای دانیشتنی لوتکەی گروپی ٢٠ لە ساڵی ئایندەدا کە بڕیارە لە بەرازیل بگیرێت بکات بێ ئەوەی ترسی گرتنی ببێت. ئەمش گرفتکتی گەورە بۆ بڕیاری ناتۆ و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دروست دەکات . ئەو کاتە یا دەبێت ئەوان بەشداری بکەن، بەشداری کردنیشیان یانی ئەو پەیی سازش لەتەك پوتین-دا و دابەزینی شکۆ و کەسایەتی و ڕاوجنبوونی بڕیارکانیانە. ئەگەر بەشداریش نەکەن یا ئەوەتا کەبوونەوەکە یا ناکرێت یا بێ نیوەناچێ دەکرێت بەهایەکی نابێت و بڕیارکانی بێ بەجێهێنان و سەپاندن دەمێنێتەوە. حاڵەتی سێیەم گواستنەوەی کەبوونەوەکەیە بۆ وڵاتێکی دیکە کە پوتین نەتوانێت بەشداری بکات لەو بارەشدا بڕیاری دووەم واتە لاینگرانی ڕوسیا ڕەنگە بەشکیان بەشداری نەکەن.
لە لایەکی دیکەوە دەم و قسەی ئەمریکییەکان سەبارەت بە بڕیارە پێشینەکانیان وەکو جاران نەماوە و تا ڕادەیەك خاو بوونەتەوە گەرچی تا ئێستا ٤٣ ملیار دۆلاریان هاوکاری سەربازی کردووە بە لە ملیارەهای دیکە وەکو هاوکاری مرۆیی.
ڕەنگە سوورنەبوونی ئیدارەی ئەمریکی لە هاوکاری ئۆکرانیا ڕەنگدانەوەی هەڵوەستی خودی ئەمریکییەکان بێت کە چی تر نایانەوێت هاوکاری سەربازی ئۆکرانیا بکرێت. بە گوترەی ڕاپرتێکی نوێ ئەوە نیشان دەدات لە سەدا ٥٥ ئەمریکییەکان دژ بە هاوکاری ئۆکرانیان و لە سەدا ٥١ پێیان وایە کە ئەمریکا زۆری کردووە ، تەنها لە سەدا٤٨ دەڵێن دەبێت ئەمریکا زیاتر هاوکای ئۆکرانیا بکات.
لەمانەش مەترسیدار بۆ ناتۆ و دەوڵەتانی ئەوروپا هاتنەوەی دۆناڵد ترامپە بۆ سەر حوکم لە ساڵی ئایندەدا، کە بڕیاری داوە بۆ هاتنەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا شەڕکە دەوستێنێت. هەرچی سەرۆك وەزیرانی بریتانیە ، ڕیشی سوناك، لە ئێستادا بۆ دەنگە.
ئەنجامگیریی
پاش ئەوەی کە پێشبینییەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە کۆتاییهاتنی پوتین و دەسەاتەکەی نەهاتە دی وەکو ڕاپەڕینی ڕوسیەکان چەن لە هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لە سەردەمی " بەهاری عەرەبی"دا ڕووی دا هەروەها هاتنە ناوەوەی سوپای ڕوسی بۆ ناو قوڵایی ئۆکرانیا و ئاسانبوونی گەمارۆدانی و کردنی کوشتارگەلێکی زۆر شکستیهێنا لە سوپای ڕوسیا. کە ئەمانە ڕووی

نەدا، ئیتر دەبێت بیر لە هەڵگایەك بكرێتەوە كە هەرچەن هەبێت هەیبەت و شكۆی ئەمریكا و ناتۆ لەوە زیاتر نەشكێت بە جۆرێك لە جۆرەكان ئاوەك بكەن بەم ئاگرەدا و بیكوژێننەوە. لە ئێستادا بۆی دەمی گۆڵەك لە دەوڵەتە ئەندامەكانی ناتۆ وتووژكردنە لەگەڵ ڕوسیا و قەبووڵكردنی هەر هیچ نەبێت كرایمیا و یەك دوو دەڤەرێكی دیكەی ئۆكرانیایە گەر بە وەختیش (كاتیی) بێت بە فەرمی بشكێك بن لە ڕوسیا . هاوكاتیش ڕوسیا هەڵگە بدات كە ئۆكرانیا ببێتە ئەندامی ناتۆ و یەكێتی ئەورووپا.

ئەم سازش و سازشكاریانەش تەنها و تەنها دەبێت لە هەڵگای سەركە دیكتاتۆرەكانی توركیا و هیندستان و چین و سعودیە و هەنەك وڵاتانی دیكەوە دەبێت .
لێرەدا خاڵێكی گرنگ هەیە كە بە زەربەمان ناوونە ئەویش: ئایا دەزگە سیخوڕییەكانی ئەمریكا و دەوڵەتانی ئەورووپا ئەوندە گەمژەو نەزانبوون لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ڕوسیادا، هەر وەكو لە عێراق و ئەفغانستان و سوریا؟ یاخود ویستی ئەوان ئەوبوو كە ئێستا ڕووداوات ، ئەمە پلانیان بووە و هەر بە پلانیش دەڕوات؟
من بە خەم لام ڕوون نییە كە كامیان هەڵگیرسانی جەنگەكەیە، كە هەڵگە هەردوكیان بێت. بەڵام ئەوەی كە لام ڕوونە جەنگەكە كارەساتی بە گەلی ئۆكرانیا هێنا و گرانی نەبوونیی و بە كاری بە هەموو هەژارانی دونیا بە جۆرێك لە جۆرەكان هێنا. هاوكاتیش گەورەترین سەرمایەی سیاسی و ئابوری و كەمەڵایەتی و بە ئومێدی لە بنیاتنانی دونیاكی باشتر لە ئایندەدا هێنا. هەژاری و بە كاری و گرانی و وێرانكاری و ڕاگوێزكردن و تەسكبوونەوەی ئازدییەكانی خەڵك و فروانكردنی تاوقی دەوڵەت و بەدەستاگەیشتنی پارێیەكی مشە بە كەمپانیا گەورەكان …هەموو ئەمانەی هێنا.

Zaherbaher.com
زاهیر باهیر
١٨/٠٩/٢٠٢٣

کتێب/ دیموکراسی و ئیسلامی سیاسی.. فوئاد سدیق

بۆ خوێندنەوەی کتێبی (دیموکراسی و ئیسلامی سیاسی) کلیکی ئێرە بکەن..

FuadSdiq_DemukrasiDownload

گفتوگۆ لەگەڵ نووسەری بواری مناڵان شاخەوان ئەلی.. هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

شاخەوان ئەلی: منداڵ پێویستیەکی دەبێ بەوریایییەوە ماملێی لەگەڵ دا بکرێت
نووسەر "شاخەوان ئەلی حەمەد" ساڵانکە لە بواری نووسینی منداڵان دەنووسێت ،ئەسپی خەی تاوداو،لەرگەی نووسینکانییەوە وەکو پەروەردکارێک رێنمایی منداڵانی کوردستان دەکات ، خاوەنی چەندین کتێبە لەو بوارەدا ئەم بەباشمان زانی لە نزیکەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵیدا ساز بکەین.

- **هەرچەندە بەرزتان ناوکی دیاری کوردستانن لە نووسین بەڵام پێمان باشە بەکورتی باس لەژیانی خێت بۆ خوێنەرانمان بکەیت.**

-من " شاخەوان ئەلی حەمەد مامکی" لە 1/7/1971 لەگوندی (تاڵەبانی گەورە) چاوم بەدونیا هەڵناوە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەشارچکەی تەقتەق خوێندوەو خانەی مامستایان و دواتر کۆلێژی پەروەردەی لەهەولێر تەواوکردوە، خێزاندارم چوار منداڵم هەیە بەناوکانی (شایەن و شاد و ئەحمەد و ئادەم)، لەتەمەنی حەڤدە ساڵی دا لەساڵی 1989 یەکەم کتێبی

خەم بەناوی (هاروون و بالوور لە چیڕۆکی کوردی) لەبەغدا چاپ کردووە و بە ساڵی دواتر هەر لەبەغدا کتێبی (مەتەڵ بە زاخاوی مەشک) چاپ کرد، دوای راپەڕین یەکەم بابەتی خەم بەناوی (گورگ و مەڕ) لە ڕۆژنامەی پێریستان تایبەت بەمنداڵان و دواتر گۆڤاری هەنگ بڵاو دەکردەوە، لەساڵی 1992 وەکو پێشمەرگەیەکی پشکۆتن لە کێوو لەساڵی 1993 وەکو پێشمەرگەیەکی ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات لە تەقتەق و تا ساڵی 1996 بەردەوام بووم، لەساڵی 1998 وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی بەهەر کە 27ژمارەی لە دەرچووە کارم کردوە ، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جێگری سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری کەسنەزان و سەرۆکی ڕێکخراوی مامۆستا بە گۆشەپەدانی مرێیی لە ئێستادا لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەر، سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگرم .

***با بزانین چی وای لێکردی ڕوو بکەیتە نووسین لە بواری منداڵان؟**

- دونیای منداڵان دونیایەکی بەشومارو لابن نەهاتوو، بەیەکارکردن لەو سێکتەرە مرۆڤی ژیرو وردو زیرەکی گەرەکە تا بکونج و کەلەبەرەکانی ئەو جیهانەدا ئاشنابێ و بزانێ چۆن پێیان بگەیەنێ و چۆن بەجوانترین شێوە بە داهاتوو سازو ئامادەیان بکات؟ هەروەها دونیای منداڵان پێیژیەکە بە گەیشتن بەناخ و دڕوونی ئەو بوونەوەرە هەست ناسکەی چەنمان بوە ئاراستەی بکەین، ئاوا لە ڕەوتی ژیان بەوانێ و هەموو هەڵس و کەوت و ڕەفتارێکی ڕەنگدانەوەی ئەو پێگەیاندنەبە کە ئەمە دەمانەوە بەجوانترین شێوە پەروەردەیان بکەین.
هەر لەم ڕوانگەوە بەهەی دەست کورتی و کەمی نووسەرو ئەو قەڵەمانەی خەیان بە ئەو بوارە تەرخان کردووە دەبینین لە بڕاوردکردنی ئەدەبی منداڵانمان بەئەدەبی بێگانە وەکو پێویست نەمانتوانیوە شان بەشانی ئەو ژانرە ئەدەبیە جیهانییە پێ هەڵبنین، سەرڕای هەموو ئەو هەوڵانەی دراون کە جێی دەستخۆشین، منیش لە تەمەنێکی زووەوە شانم داوەتە بەر نووسین کە بتوانم لەو سستی و کێچ و کاڵیەی لەئەدەبی منداڵان بەدی دەکرێ، تەکانێک بەو ڕەوتە بدەم و منداڵان بەهەندە زاراوەی کوردی و ژیانی لادێ و بپەروەردەو پێگەیاندنێکی تەندروست بناسێنم کە سوپاس بە خوا بەهەگبەیەکی پڕەوە لەو مەیدانە بەردەوامین.

***کاتێ دەنووسیت، کاتێکی دیاریکراوت بۆ نووسین هەیە،**

بەنموونە لە شەو یاخود بەیانی؟

- نا، نەخێر کاتێکی تایبەت و دیاریکراوم نییە، وەلێ زۆر جار لە بینینی دیمەنە لە ژیانی ڕۆژانە، لەخوێندنەوەی کتێبێ، لەسەیرکردنی فیلمێ بیرکەوەکی چیڕۆکێکم بە دڵ و دواتر بۆتایبەت ئەو کاتانەی تەنیام، یاخودئەو کاتانەی بەدەم پیاسەکردنەوە ڕۆ دەکەم، کەلکەڵەی ئەو چیڕۆکانە لەبڕژینگ دەدەم بەوەی چۆن دەست پێبکەم؟ چۆن بچمە ناوەخن و کرۆکی بابەتەکە؟ گفتوگۆکان بە چ ئاقارێ ببەم و چۆن ئەو زمانە سادەو ساکارە بکار بێنم بۆ ئەوەی مندااڵانی کورد بۆئاسانی تێی بگەن و دواجار ئامانجی ئەو نووسینە بیپ َکم کە لەووی پێندو ئامۆژگارییەوە بابەتێکی بەرهەمداربێت، ئەوەیش ڕاستە بە هەموو ئەو بابەتانەی لەبواری پەروەردەو پەگەیاندنی منداڵ دەینووسم.

***جیاوازی نووسین بۆ منداڵ، لەگەڵ نووسین بۆ گەوران لەچیدا دەبینیتەوە؟**

- نووسین بۆ گەوران هیچ سانسارێکی لەسەر نییە، نووسەر ئازادە بە زمانێکی گرێ و گۆڵ بنووسێ یا بەزمانێکی سادەو ساکار یا فەلسەفە ، لەوەشدا ئەوەی خێی پێ خوێنەرێ، دەتوانێ بیخوێنێتەوەو تێی بگات، بەڵام منداڵ پێویستیکە دەبە بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، مامەڵەی لەگەڵ وشە چۆن بێت؟ چۆن ئەو شتێک بنووسێ کە منداڵ لێی وەربگرێ و هەست بەبەزاری نەکات؟ لەوەشدا دەقی نووسین لە زمانی منداڵ بگۆڕێ بکرێ ئەو منداڵە وەری ناگرێ، چۆڕی لە نابینە جا ئەو نووسینە شیعربێ یا ئەپەرێت یا چیڕۆک و …هتد.

***بابەتێکی دیاریکراوت هەیە بۆ ئەوەی لەرگەی نووسینەکانت چارەسەری کێشەی منداڵ بکەیت؟**

- بەگومان کاری ئەمە لەو پەڕۆانە دەست نیشانکردنی ئاریشەو لەمپەرو کێشەکانی بەردەم منداڵ و چارەسەرکردنیانە، لەو پەڕۆانەی دەستمان داوەتە بۆئەوەیە بتوانین لەنمایشکردنی دیمەنێکدا بابەتە نیشانی منداڵ بدەین کە ئەوەی ناپاکی بکات، درۆزنبێ، ئیرەیی بەم و بەو ببات و بەرژەوەندویستبێ و زۆر شتی تر، دەرەنجامی ئەو کارانە دواجار بەکوڵی دەگەیەنە، لەوەشدا دەبە بزانین شتە نەخێنە ووە کە بە ئەنجام بێت و لاسایی شتە نەکەینەوە کە بە سەر دەروونی منداڵ ڕەنگدانەوەی خراپی هەبێت.

***لەو سەردەمی تەکنەلۆژیاو کەناڵە ئاسمانیەکاندا چۆن وا لەمنداڵ بکەین بخوێنتەوە؟**

- دایک و باوک دوو فاکتەری پڕ بەهاو گرنگن لەو ئاڵاستەکردنەدا، بەواتایەکی دیکە دەبێ دایباب بزانێ چۆن خوێندنەوە لای منداڵەکەی خۆشویست دەکات و ئەو حەزو خولیایەی بێ دەسکێنێ؟ ئەگەر دایک و باوک خوێندەرێکی باش نەبن ناتوانن منداڵەکی خوێندەر دروست بکەن ، وەلێ لە نەخوێندەواریشیانەدا هەمدیس دەتوانن ئەو کەش و هەوایە بەخسێنن بۆ تایبەت شوانێ پێش خوێتن بەپەی ئەق و تەمەنی ئەو منداڵە هەندێ شتی جوانیان بێ باس بکەن کە گوزارشت لێشتێ جوانەکان بکات.

هاندانی منداڵ بۆ خوێندنەوە و پاداشت کردنی کە دوای خوێندنەوەی هەر چیرۆک و نووسین و بابەتێکدا، بەووێکی خۆشەوە داوا لە منداڵەکەی بکات لە خوێندنەوەی ئەو کتێب و بابەتەدا چی فێر بووە، شتێکی بە باس بکات، لەم سەنگەوە تێگەیشتنی ئەو منداڵە ئەگەر زەر کەمیشبێ، هاندانی دایک و باوک، زیاتر پەڕەی تێگەیشتن لای ئەو منداڵە زیاد دەکەن کە حەزو خولیای ئەو منداڵە بۆ خوێندنەوە ڕەچکەی خۆی بگرێ.

هەبەتە لەم جەنجاڵیەی ئەم ڕۆژگارە بەرەکی هەموو مرۆقایەتی داگرتووە، دایک و باوکی لێهاتوو ئەوێ بتوانێ لەتەک پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم، خوێندنەوە فەرامۆش نەکەن و منداڵەکانیان بخوێندنەوە گەش بکەن.

***بوونی ئەو یارییە ئاگرینانەی منداڵان لەبازاڕەکان کە بەنرخەکی هەرزان دەفرۆشرێت، پێتان وا نییە ئەمە هاندان بێت بۆ توندو تیژی؟**

- هەر شتێ منداڵ بەهێزەوە پێنا ببات بەر توندو تیژی، توندو تیژییە.. جا قسەی ڕەق و هەڕەشەو جنێودان بێت یان ئەو یارییە ئاگرینانەو ئەو فیلم و درامایانەی گیانی توندو تیژی لەکەمەگا دەچێنن، دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکو پێویست نەیانتوانیوە هەموو ئەو شتانە لەبڕینگ بدەن بزانن کامەیان نەرم و نیانی دروست دەکات و کامەیان هەکارێ بۆ بەاوبوونەوەی توندو تیژی، گومانیش لەوەدا نییە بۆ منداڵ یارییە ئاگرینەکان کەسایەتی شڵەژانگەزو خەسڵەتن بەرهەم دەنێ کە هەموو شتەکان لەچاوی توندو تیژییەوە ببینێ، لەوەشدا ئەرکی لایەنی پەیوەندیدارە سنوورێ بۆ ئەوانە دانێن کە

لەپەناو بەرژەوەندی خەیان هەکارن بۆ باو بوونەوەی توندو تیژی.

***لەنەوان نووسەرانی کوردو جیهانی نووسەرکی دیاریکراوەیە کاریگەری لەسەر بەرهەمزتان هەبەت؟**

- هەر نووسەرە شونەواری بەسەرموە هەبەت شانازی پیوە دەکەم و بەمامەستای خەمی دەزانم جا بە دەقەک بە یان کتیبەک و ...هتد، ئەوانەی خەم بەقەرزاریان دەزانم و لەیانەوە فەر بووم مامەستا (حەمە ساڵح فەرهادی و د. مەولود ئیبراهیم و د. عومەر پەتی و رستگارو خوا لە خەشبووان مامەستا رەستەم باجەلان و مامەستا حەمە کەریم هەورامی) و کەسانەکە ئەستا ناویانم لەیاد نییەو لەبواری راگەیاندنیشەوە سوپاسی کاک (وشیار نوری لەک) دەکەم کەناڵەکیان (تەلەفزیونی ڕەسەن)یان لەبەردەمم واڵاکردووە کە هەفتانە چیڕۆکەکی منداڵانی تێدا پێشکەش دەکەم.

***ئەگەر باس لەکتێبە چاپکراوەکانت بۆ خوێنەرانمان بکەیت؟**


- تا ئەستا زیاتر لە بیست زنجیرە کتێبم بۆ منداڵان لەژێر پەڕژەی: کتێب باشترین هاوڕێیە، کە هەر زنجیرەیەک ناونیشانەکی سەربەخۆی هەیگرتووەو چاپم کردوون، لەتەکدا زیاترلە دە کورتە ڕۆمان و نۆڤلێت و دەیەها کتێبی تایبەت بە فۆلکلۆرو بابەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و وەرگێڕانم هەیە ئەگەر ئاماژە بەناوەکانیان بدەم جێیەکی زۆر لەم دیدارنیە دەگرێ.

***بوونی ڕێخۆشکەری بنیادنەر لەهەموو بوارێک گرنگە، چۆن دەڤانیتە ئاستی ڕێخۆشکەران لە کوردستان؟**

- ڕێخۆشکەری زۆر باشمان هەیەو لەپاڵەوە ڕێخۆشکەری ئەوتۆمان هەن کە نووسەر لەنووسین خاو دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی بکەم ڕێخۆشکەرانمان ئاستی تێگەیشتنیان زۆر باشە بۆ خوێندنەوەی شتەکان.
- **ئەمە زۆر سوپاس دەکەین بۆ ئەو دەرفەتەی بۆ ئەمەت بەخشی .**
- منیش زۆر سوپاسی بۆ ئەو بەسەرکردنەوەتان دەکەم، خوای پەروەردگار نموونەتان زۆر بکات و هەر شادو بەختەوەربن.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس


بەردو قوتابخانە
2012
شاخەوان عەلی حەمەد
پێداچوونەوە
محەمەدئەمین رستگار
پێشەکی
ناری ناغۆک


شاخەوان عەلی مامۆکی
ئەفسانەکانی بەر ئاگردان
مەشرەبخۆشی نەنکم
فۆلکلۆر
پێداچوونەوە و پێشەکی
ئەبوبەکر شوان
هەولێر ٢٠١٢
شاخەوان عەلی مامۆکی
ئەفسانەکانی بەر ئاگردان مەشرەبخۆشی نەنکم
یارۆ :
بەختەوەری مرۆڤ لە ململانێکاندا باوەڕێکە لە هەوراز و نشێوی تەنگ و چەڵەمەکانی رۆژگار , نە شکست , نە دۆران , نە کەوتن چۆکی پێدا نادات و گەیشتن بە تروپکی سەرکەوتن نەو نامانجەیە لە ناقاریدا ماندووبوون نازانێ چیە (ئەفسانەکانی بەر ئاگردان) نمونەیەکی زیندوویە نەو بەختەوەریەن کە بە خوێندنەوەی تێ دەگەین ژیان چ مانایەکی هەیە ..
چاپخانەی رۆشنبیری
٢٠٠٠دینار



با.. شیعری سەلام عومەر

فانەسکی نەو رەشبام
با دەیەوێ
رونا کیەکەم لێبستنێ
وەك کەلاریەکی هەور بێ
با دەخوازێ
داوەکەیم لێبپسنێ

* *.

هەندێ کات
بایەکی خاویەو
لە پێچکا
یان دەربەندێکا گیر دەبێ
زەر کاتیش
لە شنە و شەماڵ زویر دەبێ

* *.

با هەرچی بێ
با ئی سەدەی رابردووش بێ
با ئی نەو خەرمانەکی گەگرتووش بێ

دوور یان نزیك
لە نێو بەستە
هەر دەوەستە.